https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.30

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەریی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام لەسەر گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان- عێراق

د. احمد فتح الله احمد

کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، پەیمانگەی تەکنیکی ئایندەی تایبەت/ هەولێر

ahmad.ahmad@epu.edu.iq

**پوختة:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پیشنیازی ستراتیجیەتی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوامە، کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی بەردەوامە لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگای ناساندنی باری ئیستا بۆ ستراتیجیەتی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام. تویژەر پشتی بە هەردوو پرۆگرامسازی بەراوردکاری و وەسفی بەستووە بۆ شیکردنەوە و بەپێی بابەتە گونجاوەکان کە پێویستن بۆ توێژینەوە, شیکردنەوەیەکی گشتگیر کراوە بۆ نیشاندەرە کشتوکاڵییە بەردەوامەکان بۆ ئەم ماوەیەی داتای تیادا کۆککراوەتەوە, هەروەها چەندان ڕێگای بەکارهیناوە بۆ گەیشتن بە ئامانج لە کۆکردنەوەی داتا و تویژینەوەکانی پیشووتر و ڕاپۆرت و ئامارەکان. وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان_عیراق وەک کۆمەڵگای توێژینەوە وەرگیراوە. توێژەر ستراتیجی بەکارهاتووی ئێستای دیارکردووە لەگەڵ پیشنیازکردن بۆ ستراتیجی پەرەپێدانی لشتوکاڵی بەردەوام, لەدەرەنجام گەیشتووین بەو ئەنجامەی لاوزی لە جێبەجێکردنی ستراتیجی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام هەیە لە هەرێمی کوردستان و لەسەر ئەم بنچینەیە سێ قۆناغ لەخۆدەگری ئەمانیش (هەڵسانەوەی کشتوکاڵ, کشتوکاڵی تەواوکاری, وکشتوکاڵی بەردەوام)، لە کۆتاییی داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم کراوە ئەم ستراتیجیە جێبەجێبکات.

وشەی کلیلییەکان: پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام, گەشەی ئابووری, پەرەپێدانی بەردەوام, ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام.

## کاریگەریی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام لەسەر گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان- عێراق

### پێشەکی:

چالاکیی کشتوکاڵی بە یەکێک لە گرنگترین چالاکییە ئابوورییەکان دەژمێردرێت لە گشت وڵاتانی جیهان بە تایبەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکان. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم چالاکییە گرنگی نییە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەڵکو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. زۆربەی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زەویی کوردستان بێشکە و لانەی سەرهەڵدانی کشتوکاڵە بە هەردوو جۆری (ڕووەکی و ئاژەڵی)، و دانیشتووانی کوردستان هەر لە دێرینەوە پیشەی کشتوکاڵیان ئەنجامداوە، پاشماوە دێرینە کشتوکاڵییەکانی گوندی چەرمۆ باشترین بەڵگەی ئەم چالاکییە کشتوکاڵییەی کوردنشینی ناوچەکەن. کوردستان ناسراوە بە پیتی خاکی و گونجاوی کەش و هەوای بۆ کشتوکاڵکردن، سەرەڕای بوونی هۆکارە سروشتی و مرۆییەکانی تری یارمەتیدەر بۆ ئەنجامدانی کردارە کشتوکاڵییە جۆراوجۆرەکان، جێگای ئاماژەپێکردنە بڕی بەرهەم لە هەرێم پاش بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و پلانڕێژی زۆر زیاترە لە پێداویستیی دانیشتوان، لەبەرئەوە هەرێم بە ناوچەیەکی گرنگی ناردنە دەرەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی دەناسرێت بۆ ناوچەکان و پارێزگاکانی عێراق و وڵاتانی هەرێمیی دەوروبەر، وەک سەرچاوەکانی پێشوو ئاماژەیان پێکردووە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی لە هەرێم کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوایی کە لە هەرێمێکی بەرهەمهێنەرەوە بۆتە هەرێمێکی بەکاربەر و پشت بە بەرهەمەکانی کشتوکاڵیی دەرەکی دەبەستێت. کەرتی کشتوکاڵی وەک ئاماژەپێکراوە یەکێکە لە کەرتە ئابوورییە گرنگەکان کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دابینکردنی

خۆراک بۆ دانیشتووان و ئاژەڵەکانی، سەرەڕای سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستییەکانی تری ژیان و بەردەوامبوونییەتی. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەر شێوازێک بێت هەوڵیداوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم کەرتە گرنگە، لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتییەکانی و بە یارمەتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەرچاوە ئاوییەکان و وەزارەتی پیشەسازی... هتد. بە مەبەستی بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵی و بەڕێوەبردنی بە شێوەیەکی بەردەوام، و ئەم کردارەش پێویستی بە هاوکاریی نێوان کەرتی گشتی و جوتیار و کەرتی تایبەتیی کشتوکاڵی هەیە، بە ئامانجی گەیشتنی کەرتەکە بۆ چلەپۆپەی بەرهەمهێنان لە ڕووی بڕ و جۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتووانی هەرێم و دەوروبەری.

## گریمانەکانی توێژینەوە:

کەرتی کشتوکاڵی دەتوانی ببێتە کۆڵەگەیەکی بنچینەیی و سەرەکی بۆ ئابووری هەرێم گەر بە شێوەیەکی زانستی وەبەرهێنانی تێدا بکرێت ڕۆلی گرنگ دەبینی لە پەرەپێدانی بەردەوام و دابینکردنی خۆراک و گەیشتن بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام.

## بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین گریمانەی

١- سروشتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سروشتی و ژینگەیی گونجاو دەوڵەمەندە لە بواری کشتوکاڵی کە ڕێگا بە پەرەپێدانی بەردەوام دەدا و دەبێتە کۆڵەگەی ئابووری.

٢- پەرەپێدانی کشتوکاڵیی بەردەوام لە ڕێگای پەرەپێدانی مرۆیی و باشترین بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکان ئەنجامدەدرێ.

٣- کشتوکاڵ دەبێتە سەرچاوەی زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و زیادکردنی دەرفەتی کار و پڕۆژەی وەبەرهێنان لە وڵاتدا.

٤- پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام دەبێتە هۆکاری دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە زیادکردنی سوودی کشتوکاڵییە لە چوارچێوەی پەرەپێدانی بەردەوام و گرنگیدانی حکومەتی هەرێمە بەم کەرتە گرنگە، کە گرنگییەکی زۆری هەیە بە تایبەت لەم ڕۆژگارە بە مەبەستی دەرچوون لە قەیرانی ئابووری و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و ڕێگریکردن لە چوونەدەرەوەی سەرمایەی وڵات و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک.

**گرنگیی کشتوکاڵ لەسەر ئاستی نیشتمانی و جیهانی.**

دابینکردنی بوژانەوەی بازرگانیی ناوخۆیی و دەرەکی و بواری بەبازاڕکردنی کشتوکاڵی بەرهەمی ناوخۆ و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و هێنانی دراوی بیانی.

دروستکردنی سیاسەتی کشتوکاڵیی هاوچەرخ و گونجاو لە بنەماکانی گشتیی پەرەپێدانی بەردەوامە.

**پڕۆگرامسازیی توێژینەوە:**

توێژینەوە هەردوو شێوازی شیکردنەوەی وەسفی و شیکردنەوەی خویندنەوەیی بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە بەکاردەهینیت لەگەڵ شیکردنەوەی ئاماری بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی داتاکان.

١-لایەنی تیۆری: هەڵساوین بە خوێندنەوە و بەکارهێنانی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی کە لەسەر ئاسی هەرێم و عێراق و ناوچەکە و جیهان کراون لەم بوارەدا.

٢- لایەنی مەیدانی: شیکردنەوەی داتا و زانیاری پەیوەست بەم بوارە کە لە ڕێگای دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێممان بەدەستگەیشتووە بە تایبەت بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ئامانجەکانی توێژینەوە**

١- ڕوونکردنەوەی گرنگیی ڕۆڵی کشتوکاڵی بەردەوام لە پەرەپێدانی ناوخۆیی و ئابووری و گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵی.

٢- دیاریکردنی دیدگایەکی گشتگیر بۆ کشتوکاڵی بەردەوام.

٣- هەوڵدان بۆ دیاریکردنی تواناکانی هەرێم بۆ گەشەسەندنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی.

٤- کەرتی کشتوکاڵی وەک بنچینەی ئابوری وڵات دیارییبکرێت.

**بەشی یەکەم: پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام:**

Sustainable agriculture development

زیاتر گرنگیدان بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵی لە ماوەی ڕابردوو بەهۆی گرنگیی ئابووری و بەدەستهێنانی قازانجی زۆر بۆتە پاڵپشتی ئابووریی نیشتمانی بۆ زۆرێک لە وڵاتان وەک سەرچاوەیەکی داهاتی نیشتمانی بۆیە لە ڕووی زانستی و کرداری گەشەی سەندووە.

لەم بەشەی توێژینەوەکە گرنگترین چەمکە بەکارهاتووەکان ئاماژەپێدەکەین لە چوارچێوەی پەرەپێدانی بەردەوام و پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام.

**تەوەری یەکەم: چەمکی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام:**

بیرۆکەی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام یەکێکە لەم بیرۆکانەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتەکایەوە, لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەڵێ پێویستە سیاسەت و پرۆگرامەکانی نیشتمانی و دەولی لایەنی ژینگەیي و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەخۆبگرێت و پانتاییەکەی فراوانتر بکرێ لە بواری تەقلیدی کشتوکاڵی جاران بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک, بە ڕوونی لە لوتکەی زەوی کە لە شاری ڕیۆجانیرۆی بەرازیلی بەسترا لە ساڵی ١٩٩٢ باسی گرنگیی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام کراوە لە ئەجندای کاری سەدەی بیست و یەک بۆ پرۆگرام و کاری پێویست بە پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام. هەموان جەختیان لە پارێزگاریکردن لە داهاتە نیشتمانییەکان دەکردەوە (زەوی, ئاو) بۆ نەوەکانی داهاتوو. چەمگی کشتوکاڵی بەردەوام بەشێکە لە چەمکی گشتیی پەرەپێدانی بەردەوام و بە کرداری ناتوانرێ پەرەپێدانی بەردەوام بەدەستبێ بەبێ پەرەپێدانی کشتوکاڵی. (دوناتو ڕومانو٢٠١٦ لا٦٢)

چەندان پێناسە بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام هەیە لەمانە سندوقی بانکی دەولی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی ساڵی ١٩٨٨ و لەمانەش:

کشتوکاڵی بەردەوام واتە بەڕێوەبردنی کشتوکاڵی سەرکەوتوو بۆ سەرچاوە سروشتییەکان کە ڕێگا بە کشتوکاڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکارییەکان لە پێداویستییە مرۆییەکان لەگەڵ پارێزگاریکردن لەم سەرچاوانە و هێشتنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو و کەمترین زیانگەیاندن بە ژینگە.

کشتوکاڵی بەردەوام توانای سیستەمی کشتوکاڵییە بۆ پارێزگاریکردن لە بڕشتی (انتاجیە) بەپێی تێپەڕبوونی کات لە ژێر کاریگەریی فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

کشتوکاڵی بەردەوام ئەم جۆرە کشتوکاڵەیە کە پارێزگاری لە سەرچاوەکان دەکات لە هەمان کاتیش کار لەسەر گەشەی ئابووری دەکات و دەیپارێزێ لە ماوەی درێژخایەن بە بەڕێوەبردنێکی ژیرانە بۆ هەموو سەرچاوەکان بۆ گەیشتن بە بەردەوامی.

هەروەها ڕێکخراوی کشتوکاڵی و خۆراکی نێونەتەوەیی دەڵێ بەڕێوەبردن و چاککردنەوەی سەرچاوە سروشتییەکانە و ئامادەکردنی بۆ گۆڕانی تەکنیکی و دەزگایی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیی مرۆیي بە بەردەوامی بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو کە پەرەپێدانی زەوی و ئاو و هەمەجۆری بۆماوەیی ڕووەک و گیانەوەران لەخۆدەگرێ کە زەرەر بە ژینگە نەگەیەنن و بتوانرێت لە ڕووی ئابووری جێبەجێبکرێت بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانە بێنێتەدی:

دەستەبەری بەدیهێنانی پێداویستیی خۆراکی بکات بۆ دانیشتوان لە ئێستا و داهاتوودا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیی سەرەڕای زیادکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی تر.

دەستەبەرکردنی دەرفەتی کاری بەردەوام و زیادکردنی داهات و چاککردنی ئاستی ژیان بە گشتی و بارودۆخی کار بۆ هەموو ئەوانەی لە کەرتی کشتوکاڵی کاردەکەن.

پارێزگاریکردن لە سەرچاوە سروشتییەکان لە ئاستی توانادداری بۆ زیادکرنی بەرهەم بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر زیادکردنی

بێکاری هەبێ لە کەرتی کشتوکاڵی. (ڕاپۆرتی ڕێکخراوی خواردن و کشتوکاڵ نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆما ٢٠٠٣)

**گرنگی کشتوکاڵی بەردەوام**

١- کەرتی کشتوکاڵی ڕۆڵی گرنگ دەبینی لە دابینکردنی خۆراک و کەرستەی خاو بۆ زۆرێک لە پیشەسازییەکان.

٢- چاککردنی (میزانی مدفوعات)کە کشتوکاڵ ڕۆڵی دەبێ لە چاککردنی بودجەی خزمەتگوزاری تایبەت بە وڵات ئەمەش لە ئەنجامی خەرجکردنی سەرمایەی بیانی وەبەرهێنەر لە پڕۆژە کشتوکاڵییەکاندا.

٣- ڕەخساندنی دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی بێکاری.

٤- کەرتی کشتوکاڵ بەوە جیادەکرێتەوە کە کاریگەری هەیە لەسەر کەرتەکانی تریش ئەمەش واتای توانای چاککردن و پەرەپێدانی کەرتەکانی تر وەک بازرگانی و پیشەسازی و وەبەرهێنان ....هتد.

**تەوەری دووەم: پەرەپێدانی بەردەوام**

**چەمکی پەرەپێدانی بەردەوام : sustainable development**

بۆ یەکەم جار زاراوەی پەرەپێدانی بەردەوام لە بڵاوکراوەیەکی یەکیەتیی نێونەتەوەیی بۆ پارێزگاریی ژینگە بەکارهاتووە لە ساڵی ١٩٨١، بەڵام زیاتر بڵاوبووەوە کاتێک لە ڕاپۆرتی ((داهاتووی هاوبەشمان)) کە ناسراوە بە ڕاپۆرتی برۆتلاند، کە ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە لە لیژنەی جیهانی بۆ ژینگە و پەرەپێدان – ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر

سەرپەرشتیی سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی نەرویج (گرۆ هارلیم برۆنتلاند). (احمد جابر ٢٠١٤)

ڕاپۆرتی پەرەپیدان بەوە پێناسەکراوە کە (ئەو پەرەپێدانەیە کە پێداویستیی هەنوکەیی خەڵک دەستەبەر دەکات بێ ئەوەی ببێتە مەترسی بۆ سەر پێداویستییەکانی نەوەکانی داهاتوو).

ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر دوو بیرۆکە دەکاتەوە کە بیرۆکەی پێداویستی، بە تایبەت پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکان کە زۆرتر هەژارن و پێویستییان بە گرنگیپێدانی زیاتر هەیە، و بیرۆکەی سنووردراری توانای ژینگە لەسەر وەڵامدانەوەی پێداویستییە هەنوکەییەکان و داهاتوو لە چوارچێوەی بەرهەم و بەکاربردن و تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو. (حنان عبد الخضر هاشم,٢٠١١ , ٢٧)

### ڕەهەندەکانی پەرەپێدانی بەردەوام

### Dimensions of Sustainable development

پەرەپێدانی بەردەوام هەوڵی هاوسەنگکردنی نێوان ڕەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیا دەدا لە ڕێگای:

#### یەکەم: ڕەهەندی ئابووری:
#### Economic Dimension

کە پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی هەموو پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی و ئاستی بژێوی، ئەمەش پێویستی بەردەوامی هەیە بە پەرەپیدانی توانای بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو لە ڕێگای توێژینەوەی زانستی و هاندانی بەڵێندەران بۆ وەبەرهێنان. خستنەبەری شێوازی نوێ و بەڕێوەبردنی هاوچەرخ بە مەبەستی

دووهێندەکردنی بەرهەمهێنان زیادکردنی بەرهەم و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک. (محمد مسعودي 2، علي مسعودي، قعيد إبراهيم ٢٠١٩ لا ٢٠٥)

**دووەم: ڕەهەندێ کۆمەڵایەتی:**
**Social Dimension:**

له ڕێگای دابەشکردنی دادپەروەریی داهات و سامانی گشتی و سیستەمێکی دادپەروەریی باج، سیستەمی چاودێریی کۆمەڵایەتی کە مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگای تێدا پارێزراو بێ جیاکاری له پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و دڵنیایی و مەترسییەکانی ژیان. (عثمان محمد غنيم وئەوانی تر,٢٠٠٧,لا٣٩)

**سێیەم : ڕەهەندێ ژینگەیی:** :
**Environmental Dimension**

له ڕێگای کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەرییە مەترسیدارەکانی چالاکی بەرهەمهێنان لەسەر ژینگە و بەکاربردنی ژیرانە بۆ ئەو سەرچاوانەی دووبارە نابنەوە، هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی وزەی پاک و دووبارە بەکارهێنانەوەی خاشاک و پاشماوەکان. (محمد الامام,١٩٩٣، لا٢٧٢)

**چوارەم: ڕەهەندێ تەکنەلۆژیا:** :
**Technical Dimension**

به بەکارهێنانی تەکنەلۆژای هاوچەرخ و پیسنەکەر له بواری پیشەسازی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گەرمی و سنووردانان بۆ بڵاوکردنەوەی گازە پیسکەرەکان و پارێزگاریکردن له چینی ئۆزۆن. (غوال نادی ٢٠١٩, لا٢١٢)

بنەماکانی پەرەپێدانی بەردەوام:

بنەمای بەشداری: ئەم بنەمایە تەنیا پەیوەندیکردن نییە بە دەزگا پەیوەندارەکان، بەڵکو پێویستە ئەم هاوبەشییە ڕێکبخرێت لە لایەن ئەم کەسانەی بڕیار بەدەستن لەم بوارەدا.

بنەمای ژیری: بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خەسڵەتە کۆمەڵایەتییانەی پێویستن بۆ بڕیاردان بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و پێویستە ئامانجەکانمان دیاریبکەین.

بنەمای تێکهەڵکێشکردن: لەلایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی... هتد، لە چوارچێوەی پارێزگاریکردن لە ژینگە و پەرەپێدان.

بنەمای هاوسەنگی لە نێوان نەوەی ئێستا و داهاتوو: بۆ پارێزگاریکردن لە سەرچاوە سروشتییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو و بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە پێی پێویستی و زیادەڕۆییینەکردن لە بەکارهێنانیان. (زرمان کریم ٢٠١٠لا ٩٩)

**ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام:** :
**Sustainable Development Goals**

پەرەپێدانی بەردەوام هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە

دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆ دانیشتوان.

بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خەڵک بۆ کێشەکانی ژینگە و ڕێزگرتن لە ژینگە.

چاککردنی چوستیی وزە و بەکارهێنانی وزەی نوێ و پاک.

بەدەستهێنانی بەکارخستن و بەکارهێنانی ویژدانی بۆ داهاتە سروشتییەکان و ژینگەیی.

بەستنەوەی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ بە ئامانجەکانی کۆمەڵگا.

دەستەبەرکردنی ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە و پارێزگاریکردنی لە پیسبوون.

بەگژداچوونەوەی پیسبوون بە هەموو جۆرەکانی و پارێزگاری لە داهاتە سروشتییەکان.

تەوەرەی سێیەم: کشتوکاڵ بەردەوام بەشداردەبێ لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی جیهانی

کشتوکاڵ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدارە، دەبێ لە هەموو ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام بە تایبەت لە ئامانجەکانی ژمارە ١,٢,٥,٨,١٠,١٣,١٥ کە تایبەتن بە گەشەی ئابووریی گشتگیر و بەردەوام، کەمکردنەوەی هەژاری و برسیەتی و یەکسانیی نێوان ڕەگەز, کاری ژینگەیی, ژیان لەسەر زەوی بەکارهێنان و بەرهەمی بەردەوام، بەکارهێنانی بەردەوام و کاری شایستە.

کشتوکاڵی بەردەوام شوێنێکی باڵای هەیە لە پلانەکانی ٢٠٣٠ و پێویستە جێبەجێبکرێ لە چوارچێوەیەکی ڕوون و بە پارەدارکردنی سەرەرای وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیا و ژێرخان و سەرمایەی مرۆیی.

ئامانجی یەکەم: زاڵبوون بەسەر هەژاری بە هەموو شێوەکانی لە هەر شوێنێک بێ.

ئامانجی دووەم: زاڵبوون بەسەر برسیەتی و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک و پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام.

ئامانجی سێیەم: دەستەبەرکردنی تەندروستییەکی باش و خۆشگوزەرانی لە هەموو تەمەنەکان.

ئامانجی چوارەم: دەستەبەرکردنی فێرکردن و خوێندنی باش و گشتگیر بۆ هەموو کەسێک و بە درێژایی تەمەن.

ئامانجی پێنجەم: هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان هەردوو ڕەگەز و بەتواناکردنی ئافرەتان:

ئامانجی شەشەم: دابینکردنی ئاوی خاوێن و خزمەتگوزاریی ئاوەڕۆ بۆ هەمووان و بەڕێوەبردنی بە شێوەی بەردەوام.

ئامانجی حەوتەم: دابینکردنی وزەی هاوچەرخ بۆ هەمووان و بە نرخێکی لەبار و گونجاو و بەردەوام.

ئامانجی هەشتەم: زیادکردنی گەشەی ئابووریی گشتگیر و بەردەوام، و کرێکاری تەواو بەرهەمهێنەر و بەدیهێنانی دەرفەتی کاری شیاو بۆ هەمووان.

ئامانجی نۆیەم: دامەزراندنی ژێرخانێکی تۆکمە کە توانای خۆڕاگری هەبێ، لەگەڵ هاندانی پیشەسازیی گشتگیر و بەردەوام و هاندانی داهێنان.

ئامانجی دەیەم: سنووردانان بۆ نایەکسانی لەناو وڵات و نیوان وڵاتان.

ئامانجی یانزەهەم: شار و شوێنی نیشتەجێیەکان ئارام بن و گشتگیر بن و بەردەوام بن توانای خۆڕاگرییان هەبێ.

ئامانجی دوانزەهەم: دەستەبەرکردنی جۆراوجۆرکردنی بەرهەم و بەکارهێنانی بەردەوام.

ئامانجی سیانزەهەم: گرتنەبەری ڕێکاری خێرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی.

ئامانجی چواردەهەم: پارێزگاریکردن لە زەریا و دەریا و سەرچاوە ئاوییەکان بەکارهێنانی لەسەر شێوەی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی پەرەپێدانی بەردەوام.

ئامانجی پانزەهەم: پارێزگاری سیستەمی ئایکرۆلۆجی کیوی و گەشەپیدانی و بەکارهێنانی بە شێوەی بەردەوامی و بەڕێوەبردنی دارستانەکان بە شێوەی بەردەوام و قەلاچۆکردنی بەبیابانبوون ڕاگرتنی تێکدانی زەوی و ڕاگرتنی لەناوچوونی جۆراوجۆری بایلۆجی.

ئامانجی شانزەهەم: هاندانی هینانەکایەی کۆمەڵگایەکی ئارام و ڕێزگرتن لە هەموو تاکەکان یەکێکە لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام و گەیشتنی هەمووان بە دادپەروەری، بنیاتنانی دەزگای کاریگەر بە تایبەت بۆ لێپرسینەوە و گشتگیر بۆ هەمووان لەسەر هەموو ئاستەکان.

ئامانجی حەڤدەهەم: پەرەپێدانی کیشوەری و هۆکارەکانی جێبەجێکردن و چالاککردنی هاوبەشی جیهانی لە پێناو بەدەستهێنانی پەرەپێدانی بەردەوام.

ئەو ئامانجانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کشتوکاڵی بەردەوام هەیە:

سندوقی بانکی نێونەتەوەیی و ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام:

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١- زاڵبوون بەسەر هەژاری

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ٢- زاڵبوون بەسەر برسیەتی

ئەركی سندوقی بانكی نێونەتەوەیی بریتییە لە زاڵبوون بەسەر هەژاری و برسیەتی لە دێهاتەكان و ڕێكخستنی ئاسایشی خۆراك لە ڕێگای وەبەرهێنان بۆ زیادكردنی بڕشتی (انتاجیە) بۆ ڕووبەرە كەمەكان.

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ٨- كاری شایستە و گەشەی ئابووری

سندوقی بانكی نێونەتەوەیی بەشدارە لە بەدەستهێنانی ئامانجی ژمارە ٨ لە ئامانجەكانی پەرەپێدانی بەردەوام لە ڕێگای ئابووریی گشتگیری دێهاتەكان و جۆراوجۆری و بڕشتی كە دەرفەتی شیاو دەرەخسێنێ لەگەڵ زیادكردنی داهات. سندوقی بانكی نێونەتەوەیی وەبەرهێنانی لەناو دانیشتوانی دێ ئەنجامدەدات بۆ زیادكردنی توانای بەرهەمهێنان و سوودەكانی لە بەشداریكردن لە بازاڕدا.

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ٥- یەكسانی جێندەری

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١٠- سنووردانان بۆ نایەكسانی

سندوقی بانكی نێونەتەوەیی پێشەنگە لە پەرەپێدان و بەتواناكردنی ئافرەتی لادێیی لە ڕێگای وەبەرهێنان و بەشداری لە سیاساتەكان و پەرەپێدانی پرۆگرامسازیی تایبەت بە بژێویی خێزانی و چارەسەركردنی ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی نایەكسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئافرەتان و دابینكردنی دەرفەتی كاری یەكسان, سەرەڕای ئەمەش پاڵپشتیكردنی بڕیاردەران و كۆمپانیاكان بۆ دیزانكردن و جێبەجێكردنی سیاساتەكان لەسەر بنەمای یەكسانی بەم چەشنەش بەشدارییەكی كاریگەری دەبێ بۆ ئامانجەكانی ژمارە ٥,١٠.

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١٣- كاری ژینگەیی

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١٥- ژیان لەسەر زەوی

لە ڕێگای وەبەرهێنانی لە پرۆگرامەکانی کشتوکاڵی بەردەوام کە باشتر پارێزگاری لە سەرچاوە سروشتییەکان دەکات و توانی سیستەمی کشتوکاڵی بۆ خۆگونجاندن و گۆڕانکاریی کەشوهەوا زیاد دەکات, کە ڕاستەوخۆ بەشدارە لە ئامانجەکانی ژمارە ١٣,١٥.

هەروەها سندوقی بانکی نێونەتەوەیی بەشدارە لە پەرەپێدانی بەردەوام لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام ٦,١٢,١٤. هەروەها کار دەکات بە کرداری لە ناوچەیەکی فراوانتر بە بەشداری لەگەڵ لایەنەکانی تر, پەرەپێدان و هەمەچەشنەکردنی و هاوبەشی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ( SDG17 ).

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ٦- ئاوی خاوێن و تەندروستیی پاک

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ٩- پیشەسازی و داهێنان لە ژێرخانی بنەڕەتی

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١١- شار و کۆمەڵگا ناوخۆیي بەردەوامەکان

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١٢- بەکاربردن و بەرهەمهێنانی بەرپرسانە

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١٤- ژیان لە ژێر ئاودا

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١٧- گرێبەستی هاوبەشی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکان

هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی دامودەزگا ناوخۆیی و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان سندوقی بانکی نێونەتەوەیی پالپشتی دەکات:

ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام ١٦ –ئاشتی و دادپەروەری و دامودەزگای بەهێز. (برنامج الأمم المتحدة الإنمائي: تقرير التنمية البشرية ٢٠٠٤)

## کشتوکاڵی بەردەوام چیە What is sustainable agriculture?

لە وڵاتە یەکگرتوەکان پێشتر زۆربەی خۆراکەکان لە ڕێگای پیشەسازیی کشتوکاڵی بەرهەمدەهات کە سیستەمی دووبارە چاندنەوەی هەمان بەرهەم بوو ساڵ دوای ساڵ لەلایەن کێڵگە گەورەکاندا کە ڕێژەیەکی زۆر لە قڕکەری کیمیایی و پەینی کیمیایی تێدا بەکاردەهات و دەبوونە هۆکاری پیسبوونی خاک و ئاووهەوا, ئەم سیستەمەش لەسەر بنچینەی بەردەوامی دانەنرابوو, دەبووە هۆی بەفیڕۆدانی مادەکان و کوالێتی کەمدەبووەوە. بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگە و جوتیاران گۆڕانکارییان لە شێوازی بەرهەمهێنان کردووە ئاراستەیەکی جیاوازیان گرتۆتەبەر کە سیستەمێکی کشتوکاڵیی زیاتر بەردەوام و هەمەچەشنەیە لە خۆراک و ڕووەکە ڕیشالییەکان و وزەی نوێ بەپێی بارودۆخی ناوخۆیی و بازاڕە ناوچەییەکان و زۆرترین کرداری داهێنەرانەی تێدا ئەنجامدەدرێت، کە لەلایەن زاناکانەوە پێشنیازدەکرێن، دوای دیراسە و توێژینەوەی پێویست کە کەمترین زیان بە ژینگە بگەیەنێت و زۆرترین بەرهەمی کوالێتی بەرزیش فراهەمبکات. (حمیدە ڕابح ٢٠١٨,لا ٧٤)

## بنەماکانی کشتوکاڵی بەردەوام: : Principles of sustainable agriculture

کشتوکاڵی بەردەوام ئاراستەی داهاتووە، بەڵام چۆن؟

لە بواری کشتوکاڵ بەردەوامی بیرۆکەیەکی ئالۆز و هەمەلایەنەیە:

لە ڕووی ئابووری: پێویستە کێڵگە بەردەوام لە کارە قازانجبەخشەکان بێت و بەشدار بێ لە گەشەی ئابووری.

لە ڕووی کۆمەڵایەتی: پیویستە کارمەندان مافیان پارێزراوبێ و سوودی بۆ کۆمەڵگا هەبێ.

لە ڕووی ژینگە بەردەوامی ژینگەیی واتە بەڕێوەبردنی باش بۆ سەرچاوە سروشتییەکان کە جوتیار پشتیان پێ دەبەستی.

هەروەها لایەنی تریش لەخۆدەگری لەوانە

پارێزگاری لە خاک.

بەکارهێنانی تەندروست بۆ سەرچاوە ئاوییەکان

کەمکردنەوەی پیسکردنی ژینگە و ئاووهەوا و خاک.

لەم بوارانە چەندان توێژینەوە کراون بۆ پاریزگاری و باشتر بەکارهینانی سەرچاوەکان. (احمد ابوزید الرسول ٢٠٠٤ لا ٢٢٤)

ئایا بەردەوامی بە واتای ئەندامییە؟

زۆربەمان خۆراکی ئەندامی و سروشتیمان گوێلێبووە و بەکارمانهێناوە, لەم سەردەمەدا داواکاریی زیاترە و بەبەهاترە لە ڕووی

نرخ و کواڵیەتی و بەپێی پێوەر و  ستاندەری وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمەریکی جوتیار دەتوانی پۆلێنی بەرهەمەکانی بکات و بە ئەندامی و خەڵکی زۆر داواکاریی ئەم جۆرە خۆراکانەن بەڵام: ئەندامی و بەردەوامی هەمان واتا ناگەینن بە تەواوی کە هەندێ پێوەری ئەندامی نموونەین لە ڕووی بەردەوامیش، بەڵام هەموو ئەو جوتیارانەی پەیڕەوی بەردەوامی دەکەن سازنین بۆ ئەوەی بڕوانامەی ئەندامییان پێبدرێت لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمریکی.

## کشتوکاڵی بەردەوام و سیاسەتی کشتوکاڵی:

Sustainable agriculture and agricultural policies

لە زۆربەی وڵاتان سیاسەتی تایبەت بەم بوارە هەیە بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و پێویستە ئێمەش لە هەرێمی کوردستان هەنگاو بەو ئاراستەیە بنێین گەر بمانەوێ شوێنمان لە بازاڕە ناوچەیي و جیهانییەکان هەبێت کە خۆی لە ئامانجە گشتییەکانمان دەبینێتەوە بۆ دابینکردنی خۆراکی تەندروست بە نرخی گونجاو و بەرهەمهاتوو بە شێوەی بەردەوام ( Otero, G, Pechlaner,2013,p276 )

## کردارەکانی کشتوکاڵی بەردەوام: sustainable farming practices

لەم دواییانە چەندان کرداری تایبەت لێکۆلینەوەیان لەسەرکراوە و ڕاسپێردراون بە ئەنجامدانیان لەوانە:

کشتوکاڵی هەمەچەشن و پەیرەوکردنی خولی کشتوکاڵی لە چاندن و بەرهەمهێنان.

کەمکردنەوەی کێڵانی زەوی.

جێبەجێکردنی سیستەمی تەواوکاری بۆ قەلاچۆکردنی دەردە کشتوکاڵییەکان.

چاندنی کشتوکاڵی داپۆشەری سەوز وەک وینجە و سێپەڕە لە هەندێ وەرزی ساڵدا.

لێکدانی بەخێوکردنی ئاژەڵی و بەروبومی کشتوکاڵی بۆ سوودوەرگرتنی هاوبەش.

بەڕێوەبردنی سیستەمی سروشتیی تەواوکاری بە بەکارهێنانی ناوچە ڕووباري و زوورگەکان. (محمودالاشرم ٢٠٠٧لا ٤٩)

## گرنگیی کەرتی کشتوکاڵی

کەرتی کشتوکاڵی بە تێپەڕبوونی کات گرنگییەکەی لە زیادبووندایە بە تایبەتی پاش زیادبوونی ژمارە و پێداویستییەکانی دانیشتوان، سەرەڕای بەرزبوونەوەی ئاستی بژێویی دانیشتوان ئەگەر بە شێوەیەکی دیاریکراویش بێت. ئەم گۆڕانکارییە بە شێوازی جیاواز کار دەکاتە سەر بوژاندنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان، هۆکارێکی کاریگەری بەرزبوونەوەی چالاکیی کەرتەکەیە. شایانی باسە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی گەورە بۆتەوە لە ڕووی کرداری بەرهەمهێنانەوە، کە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:

١.فراوانبوونی درزی نێوان کرداری بەرهەمهێنان و پێداویستی دانیشتوان لە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بە تایبەتی بەروبوومی خۆراکی.

٢. کەمیی بەشداریکردنی کەرتی کشتوکاڵی لە دابینکردنی خۆراکی دانیشتوان و پێداویستیی (کەرستەی خاوی) بەشێک لە کەرتی پیشەسازی.

٣. لاوازی بەشداریکردنی کەرتی کشتوکاڵی لە بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و تاکەکەسیی دانیشتوانی هەرێم.

٤. دەرچوونی بڕێکی زۆر لە پارەی گرانبەها (دۆلار) بۆ دەرەوەی هەرێم لە ڕێگەی هاوردەکردنی بەروبوومە خۆراکییەکان و بەروبوومە سەرەکییەکانی تر.

٥. کەمیی گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵی بە هەردوو لقی (ڕووەکی-ئاژەڵی).

ئەم خاڵانەی سەرەوە هۆکاری پڕبوونی بازاڕەکانی هەرێمە بە بەروبوومی وڵاتانی دەوروبەر، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر کرداری بەرهەمهێنان و داهاتی نەتەوەیی و تاکەکەسیی دانیشتوانی هەرێم. لەبەر ئەوە پێویستە گرنگییەکی تەواو بدرێت بەم کەرتە ئابوورییە گرنگە، ببێتە هۆکاری بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی کە ئەویش ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر چالاکییە ئابوورییەکانی تر، سەرەڕای گەشەکردن و بەرزبوونەوەی داهاتی جوتیاری کورد. لە بەر ئەوە پێویستە لەسەر بەرپرسانی هەرێم و جوتیارانی کوردستان کاربکەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتیی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، لە ڕێگەی وەبەرهێنانی فراوانترین زەویی شیاوی کشتوکاڵی و بە بەردەوامکردن و تەواوکاریی کشتوکاڵ، بە مەرجێک جێبەجێکردنی هاوسەنگی لە نێوان بنەما ژینگەییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەکان بۆ بەدەستهێنانی دادوەریی نێوان نەوەی ئێستا و داهاتوو. سەرەڕای دابینکردنی پێداویستییەکانی کرداری کشتوکاڵکردن وەک (پەینی کیمیاویی – قڕکەرەکان – ئامێر و کەلوپەلی پێشکەوتووی کشتوکاڵی- پراکتیزەکردنی شێوازی کشتوکاڵی نوێ- هاوکاریکردنی کەرتی کشتوکاڵیی تایبەت بە شێوەی ماددی و مەعنەوی- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی... هتد).

لێرەدا بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر هەندێ لە تایبەتمەندییە کشتوکاڵییەکانی هەرێم، لەوانە دابەشبوونی زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرێم لە نێوان ناوچەی بارانمسۆگەر و باراننامسۆگەر، و بە پشتبەستن بە بڕی بارانبارینی ساڵانە لە زۆرینەی وێستگە کەشناسییەکان دەردەکەوێت کە زۆربەی زەوییە شیاوە کشتوکاڵییەکانی هەرێم دەکەوێتە ناوچە باراننامسۆگەرەکان، کە نزیکەی (٦٠%) کۆی زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرێم پێکدەهێنێت. شایانی باسە بەروبوومە زستانەییەکان پشت بە ئاوی باراندەبەستێت (کشتوکاڵی دێمی)، لەبەرئەوە بڕی بەرهەم هەڵبەزین و دابەزینی زۆر بە خۆیەوە دەبینێت، لە دەرئەنجامی هەڵبەزین و دابەزینی بڕی باران لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر.

**خاڵە بەهێزەکانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێم:**

کوردستان چەندان خاڵی بەهێزی هەیە لە بواری کشتوکاڵی لەمانە:

١- سروشتی کوردستان بە تایبەت ناوچە دەشتاییەکان کە گونجاون بۆ کشتوکاڵکردن

٢- بوونی سەرچاوەی زۆری ئاو و کانیاوەکان.

٣- هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان

٤- باری ئارام و ئاسایشی هەرێم بە بەراود بە ناوچەکانی عیراق.

٥- سامانی ئاژەڵی هەمە چەشنە.

٦- لەباریی هەرێم بۆ چاندنی دانەوێڵە سەرەکییەکان بە تایبەت گەنم و جۆ.

| سروشتی پەرەپێدانی کشتوکاڵی | کاریگەری کشتوکاڵ |
| --- | --- |
| لە ڕوانگەی ئابوورییەوە | زیادکردنی داهات لە ڕێگای وەبەرهێنانی و .<br>شوێنپێی لەسەر میزان مدفوعات .<br>کاریگەری لەسەر کەرتە بەرهەمهێنەکانی تر (پیشەسازی و ژینگە ووەبەرهێنان ....هتد). |
| لە ڕوانگەی دەرفەتی کار | ڕەخساندنی دەرفەتی زۆر بە ڕاستەوخۆو و ناڕاستەوخۆو.<br>کەشتیاری ئامرازیکی کاریگەرە بۆ بەکارخستنی گەنجان.<br>بەشداری لە جیگیرکردنی دانیشتوان بە تایبەت لە گوندەکان کە سەرچاوەی سەرەکی کەشتیارین. |
| لە ڕوانگەی پەرەپێدانی ناوچەیی | ڕەگەزێکی سەرەکی پەرەپێدانی ناوخۆیی و ناوچەیی یە.<br>کشتوکاڵ هۆکارە بۆ دابینکردنی سەرچاوە خۆراکیەکان. |
| لە ڕوانگەی باشتر پیشاندانی وێنەی هەرێم | باشتر پیشاندانی وێنەی هەرێم لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهان.<br>بەهێزکردنی شوێنی کوردستان بەتایبەت لە وەبەرهێنانی کشتوکاڵی دا. |

## ژێرخانی کشتوکاڵی:

## ئەڵەنگارییەکان(تحديات)

لە دەرئەنجامی گرنگی و تایبەتمەندییەکانی جۆراوجۆری چالاکییە کشتوکاڵییەکان و کاریگەری لەسەر لایەنە ئابوورییەکان (پیشەسازی - خزمەتگوزاری...) و ژینگەیی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەم کەرتە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و کێشەی جۆراوجۆر بۆتەوە، گرینگترینیان پەیوەندیدارە بە ئاسایشی خۆراک و داهاتی تاکەکەسیی جوتیاری کورد و داهاتی نەتەوەیی هەرێم. سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی کارکردنی حکومەتی لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە هەندێ لەم ئاستەنگانە، لە کاتی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی کەرتی گشتی، وەک ئاماژەمان پێکردووە لە گرنگییەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی هاوردەکردنی بەروبوومە پێویستییە کشتوکاڵییەکانی

دانیشتوانی هەرێم و کەمکردنەوەی درزی نێوان بەرهەمهێنان و هاوردەکردن، لە ڕووی بەرهەمهێنانی ئەو مادانەی وەک کەرستەی خاوی پیشەسازییەکانی خۆراکی بەکاردەهێنرێن.

**لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین ئاستەنگەکان دەکەین:-**

١.کەمیی بەرهەم و پڕشتی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی ڕووەکی و ئاژەڵی.

٢.کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانی هەرێم لە لایەن بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی وڵاتانی دەوروبەر.

٣.کارکردنی وڵاتانی دەوروبەری هەرێم تورکیا و ئێران بە هەرەسهێنانی پلانەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی هەرێم.

٤. دابەزینی داهاتی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێم وەک کەمبوونەوەی بڕی باران بە جۆرەکانی و ئاوی سەر زەوی و ژێرزەمین ڕوودانی وشکەساڵی و کۆنترۆڵکردنی ئاوی سەر زەوی (ڕووبارەکان و لقەکانیان) لە لایەن وڵاتانی دەوروبەری هەرێم لە لایەک و پیسبوونی بەشێک لە سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێم وەک (ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان و ئاوی ژێرزەوی).

٥. پشتگوێخستن و دواکەوتن لە جێبەجێکردنی پڕۆژە پەیوەندارەکان بە کەرتی کشتوکاڵی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بەم کەرتە بە هۆی ئامادەنەکردن و دابیننەکردنی بودجە و لاوازیی هەندێک لە یاسا و ڕێساکان...هتد.

٦ بەکارهێنانی زەویی کشتوکاڵی بە شێوەی هەڵە و نازانستییانە و جێبەجێنەکردنی خولی کشتوکاڵی، دەرئەنجامەکەشی تێکدانی پێکهاتەی خاک و گۆڕانی تایبەتمەندییەکانیەتی.

٧. دابەزینی ئاستی هونەری و تەکنیکی زۆربەی هەرەزۆری جوتیاران و فەرمانبەرانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.

٨.گرنگینەدان بە شێوەی پێویست بە تایبەتمەندییە کشتوکاڵییەکان وەک (دەرامەتی مرۆیی ـپەین_تۆوی ڕووەک_ئامێرە کشتوکاڵییەکان ـدارستانەکان-ئاودێری و شێوازەکانی - گواستنەوە - قڕکەرەکان- ڤێتێرنەری... هتد)، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر بوژانەوە و بەرەوپێشچوونی کەرتی کشتوکاڵی.

## بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە

هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا لە نێوان هێڵی پانی ٣٤و٣٧ و هێڵی درێژیی ٤١و٦٤، کەشوهەوای هەرێمی کوردستان دەچێتە خانەی کەشوهەوای بەشی مامناوەندی باکوور، کە بە کەشوهەوایەکی گەرم لە هاویندا و سارد لە زستاندا ناسراوە. کەشوهەوای دەریای ناوەڕاست کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سیستەمی بارانبارین لە هەرێمی کوردستاندا لەبەر ئەم هۆیە, هەرێمی کوردستان دابەشدەبێت بەسەر سێ ئاست لە ڕووی بارانبارینی ساڵانەوە, کە لە نێوان (٣٥٠-١٢٠٠ملم)ە. نەتەوەی کورد بە درێژایی هەزارەها ساڵ پێش ئێستا لەم شوێنە جوگرافیە دەژیێت، کە بە سامانە سروشتییەکان و کشتوکاڵییەکان دەوڵەمەندە. لە دەرئەنجامی هەڵمەتە یەک لەدوای یەکەکان و تۆقاندن و ڕاگواستنەوە و وێرانکردنی بەردەوامی ژێرخان, کە هەرێمی کوردستان دووچاری هات, بگرە هەر لە ساڵی ١٩٦١ هەتاکو ١٩٨٨ کە زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند خاپوورکران کە بڕبڕەی پشتی


دابینکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بوون, ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان و شارەکان هەروەها خاپوورکردنی سەرچاوە ئاوییەکان و کانیاوەکان و سووتاندنی دارستانەکان, چاندنی ملیۆنەها مین لە زەوییە کشتوکاڵییەکان کە تاکو ئێستا دانیشتوانی ئەم گوندانە بەدەست ئەم مینە چێنراوانە دەناڵێنن, و بۆتە بەربەست لە بەردەم دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو زەوییانە.

چالاکیی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی گشتی چەند خەسلەتێکی تایبەتی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە چالاکیە ئابوورییەکانی تر, ئەویش هەستیاریی ئەم کەرتە بەرانبەر هەل و مەرجی سروشتی و سروشتی وەرزەکان, هەروەها تایبەتمەندیی بەڕێوەبردن لە کەرتی کشتوکاڵی و پەیوەندیی چالاکییەکانی ئەم کەرتە بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئاسایشی خۆراک. هەموو ئەمانە کاریگەریی سیاسییان بەسەردا هەیە لە هەموو قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەی کشتوکاڵیدا.

## خستنەڕوو شیکردنەوەی دۆخی ئێستا

## زەوییە کشتوکاڵییەکان

هەرێمی کوردستان ڕووبەرێکی فراوانی زەوی شیاوی بۆ کشتوکاڵ لەخۆدەگرێت کە دەکاتە (١,٦٩٦,٨١٦) هێکتار کە ڕێژەی ٣٨.١٢% پێکدەهێنێت لە کۆی سەرجەم ڕووبەری هەرێم، و ئەوەی کە دەمێنێتەوە (٦١.٨٨%)یە بە زەوییی نەشیاو بۆ کشتوکاڵ دادەنرێت.





وێنەی ژمارە (١) دابەشبوونی ڕووبەری زەویی شیاو و نەشیاوی کشتوکاڵی بەپێی ئامرازەکانی ئاودان و پاریزگاکان (هکتار)

| خشتەی (1) | ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی چێندراو بەبەروبومی کێڵگەییەکان بەپێی پاریزگاکان بۆ ساڵی 2020-2021 (هکتار) | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پاریزگا | گەنم | * جۆ | * گەنمە شامی | * گولە بەرۆژە | * برنج | کۆ | ڕێژە |
| هەولێر | 235.3 | 45,725 | 5,424 | 269 | 157,5 | 491,634,5 | ٪50.89 |
| دهوك | 225.4 | 14,956 | 74 | 213 | 6,052 | 36,536 | ٪3.78 |
| سلێمانی | 319.6 | 70,623 | 161.5 | 740 | 481 | 437,828,5 | ٪45.32 |
| کۆی گشتی | 780.3 | 131,304 | 5,659,5 | 1,222 | 6,690,5 | 965,999 | ٪100 |

سەرچاوە:وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو/حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرجەم ڕووبەری زەویی دێمیی شیاو بۆ کشتوکاڵ دەگاتە (١,٣٦٨,٣٨٨) هێکتار کە ڕێژەی نزیکەی ٨٠.٦٤% پێکدەهێنێت لە کۆی ڕووبەری زەویی شیاو بۆ کشتوکاڵ, ڕێژەی ٣٨.١٢% لە کۆی سەرجەمی ڕووبەری هەرێم، لەکاتێکدا ڕووبەری زەوی بەراو دەگاتە (٣٢٨,٤٢٨) هێکتار کە ڕێژەی ١٩.٣٥% پێکدەهێنێت لە کۆی سەرجەم زەویی شیاو بۆ کشتوکاڵ و ڕێژەی ٧.٣٧٤٧% لە کۆی سەرجەم ڕووبەری هەرێم، و ئاشکرایە دابینکردنی ئاو بۆ ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە, بە هۆی تۆڕی سەردەمی ئاودێرییەوە, پشتدەبەستێت بەو ئاوەی کە سەرچاوەکەی بە ڕێژەیەکی زۆر لە دەرەوەی هەرێمە, لە وڵاتە دراوسێیەکانەوە, ئەو وڵاتانەش زۆر بە نادادپەروەرانە هەڵسوکەوت دەنوێنن دەربارەی چۆنیەتیی دابەشکردنی ئەم ئاوە بەپێی پەیماننامە نێودەولەتییەکان. چاندنی بەروبوومە کێڵگەییەکان ڕووبەرێکی بەرفراوانیان داگیرکردووە کە مەزەندەدەکرێت بە (٩٦٥,٩٩٩)هکتار کە ٥٠.٨٩% لەپارێزگای هەولێرە و ٣.٧٨% لە پارێزگای دهۆک و ٤٥.٣٢% لە پارێزگای سلێمانیە. هەروەها چاندنی گەنم بەرزترین ڕێژە پێکدەهێنێت لە کۆی ئەو زەوییانەی کە چێنراون بە بەروبوومی کێڵگەی کە دەکاتە ٨٠.٧٧%، و لەدوای گەنم و جۆ دێت ئەویش بە ڕێژەی ١٣.٥٩%، هەروەک لە خشتەی (١) ڕوونکراوەتەوە.

بەڵام ڕووبەری چێنراو بە سەوزە سەرەکییەکان (تەماتە و خیار و باینجان) گەیشتە (٢٣٧٥٩)هکتار، ڕێژەی پارێزگای هەولێر ٣١.٨٤% لە کۆی ڕووبەری سەرەوە، و پارێزگای سلێمانی ڕێژەی ٣٨.٥٩%، و پارێزگای دهۆک ڕێژەی ٢٩.٥٦%، هەروەک لە وێنەی ژمارە(٢) نیشانیدەدات:




وێنەی ژمارە( ٢ ) ڕووبەری چێندراو بە بەروبومی سەوزە بەپێی پارێزگاکانی هەرێم بۆ سالّی٢٠٢٠ (هکتار)

هەروەها ڕووبەری چێنراو بە سەوزە سەرەکییەکان (تەماتە و خیار و باینجان) گەیشتە (٢١٥٨٧)هکتار، ڕێژەی پارێزگای هەولێر ٣٩.٨٠% لەکۆی ڕووبەری سەرەوە، و پارێزگای سلێمانی ڕێژەی ٣٢.٧٢%، و پارێزگای دهۆک

| خشتەی2 | ڕووبەری چێندراو بە بەروبومی سەوزە بەپێی پارێزگاکانی هەرێم بۆ سالی2019 (هکتار) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | تەماتە | خیار | باینجان | کۆی گشتی | ڕێژە ٪ |
| هەولێر | 4,689 | 3,006 | 897 | 8,592 | ٪39.80 |
| دهۆک | 3,881 | 1,658 | 392 | 5,931 | %27.47 |
| سلێمانی | 4,267 | 1,799 | 998 | 7,064 | %32.72 |
| کۆی گشتی | 12,837 | 6,463 | 2,287 | 21587 | %100 |
| ڕێژە ٪ | %59.46 | ٪29.93 | ٪10.59 | ٪100 | |

سەرچاوە:وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو/حکومەتی هەرێمی کوردستان

ڕێژەی ٢٧.٤٧%، هەروەک لە خشتەی (٢) نیشانیدەدات:

| خشتەی 3 | ڕووبەری چێندراو بە بەروبومی سەوزە بەپێی پارێزگاکانی هەرێم بۆ سالی2018 (هکتار) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پاریزگا | تەماتە | خیار | باینجان | کۆی گشتی | ڕێژە ٪ |
| هەولێر | 4,736 | 3,321 | 1,029 | 9,086 | %41.23 |
| دهۆك | 2,523 | 1,269 | 336 | 4,128 | ٪18.73 |
| سلێمانی | 4,333 | 2,070 | 2,417 | 8,820 | ٪40.02 |
| کۆی گشتی | 11,592 | 6,660 | 3,782 | 22034 | ٪100 |
| ڕێژە ٪ | %52.60 | 30.22% | ٪17.16 | ٪100 | |

سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەروەها ڕووبەری چێنراو بە سەوزە سەرەکییەکان (تەماتە و خیار و باینجان) گەیشتە (٢٢٠٣٤) هکتار ڕێژەی پارێزگای هەولێر ٤١.٢٣% لە کۆی ڕووبەری سەرەوە، و پارێزگای سلێمانی ڕێژەی ٤٠.٠٢%، و پارێزگای دهۆک ڕێژەی ١٨.٧٣%، هەروەک لە خشتەی (٣) نیشانیدەدات:

## بەرهەم و بڕشت

هەتاکو ئێستا, هۆکارە سروشتییەکان کاریگەریی بنەڕەتییان هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی ئاستی بەرهەم و بڕشتی بەروبوومە سەرەکییەکان, بۆیە نیشاندەرەکانی بەرهەم و بڕشتی بەروبوومە کێڵگەییەکان جێگیرنین لە ساڵێکەوە بۆساڵێکی تر دەگۆڕێن هەروەک لە خشتەی (٤) دیاردەکەوێت


سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ حکومەتی هەرێمی کوردستان

خشتەی (4) — رووبەری چێندراو وبەرهەم وبڕشتی بەروبومە کێڵگەییەکان و سەوزە لە سالی 2019-2020

| بەروبومی کێلگەی و سەوزە | رووبەر (هکتار) | | بەرهەم (تەن) | | برشت (کغم /هکتار) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2019 | 2020 | 2019 | 2020 | 2019 | 2020 |
| گەنم | 767.493 | 826.011 | 2.266.867 | 2.426.962 | 919 | 836 |
| جۆ | 164,702 | 131,303 | 288,180 | 257.079 | 507.5 | 789 |
| نۆك | 8,333 | 3,810 | 7,537 | 18,528 | 935.5 | 375 |
| نیسك | 309 | 309 | 225 | 320 | 209.5 | 220 |
| برنج | 6,149 | 6,690 | 19,453 | 22,250 | 1.446 | 1.575 |
| گولەبەرۆژە | 1,126 | 1,135 | 2,208 | 1,598 | 1.007 | 805 |
| پیاز | 6,252 | 4,645 | 39,815 | 51,437 | 3.680 | 3.659 |
| تەماتە | 12,826 | 14,244 | 244,002 | 278,112 | 5.577 | 5.511 |
| كودی | 1,784 | 1,610 | 20,201 | 19,206 | 3.822 | 3.750 |
| باینجان | 2,287 | 2,134 | 36,503 | 38,473 | 5.025 | 5.250 |
| خیار | 6,463 | 7,381 | 108,864 | 119,635 | 4.850 | 4.380 |
| شوتی | 10,777 | 13,640 | 304,601 | 397,838 | 6.137 | 6.125 |

بەرهەمی گەنم بۆ ساڵی ٢٠١٩ گەیشتە (٢,٢٦٦,٨٦٧) تۆن, و بڕشتی ١هکتار گەیشتە ٩١٩ کغم/هکتار و بە بەراوردکردن لەگەڵ بەرهەمی ساڵی ٢٠٢٠ دەبینین بەرهەمی گەنم لە سنووری (٢,٤٢٦,٩٦٢)تۆن بوو کە ئەمەش بە ڕێژەی ٧.٠٦٢% بەرزترە لە بەرهەمی ساڵی٢٠١٩, و هەمان شت بۆ بڕشت کە گەیشتە ٩١٩کغم/ هکتار ساڵی٢٠١٩ واتە بە ڕێژەی ٩.٩٢%زیاتر لە بڕشتی ساڵی ٢٠٢٠ دا. لە کاتێکدا دەبینین بەرهەمی جۆ داکشانی بە خۆوە بینی لە (٢٨٨,١٨٠) تۆن ساڵی ٢٠١٩ بۆ (٢٥٧,٠٧٩) تۆن لە ساڵی ٢٠٢٠ بەڵام بۆمان دەردەکەوێت کەوا بڕشتی ١ هکتار بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی لە ٥٠٧,٥کغم/ هکتار لە ساڵی ٢٠١٩ بوو بە ٧٨٩کغم/ هکتار ساڵی ٢٠٢٠، و بە شێوەیەکی بەرچاو ئەگەر هاتوو ئێمە بە باشی سەرنجی خشتەی پێشوو بدەین بۆمان دەردەکەوێت, کە فاکتەرە سروشتییەکان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر بەرهەم و ڕێژەی بەرهەمهێنان, ئەم فاکتەرانەش بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە (بڕی بارانبارین و هەبوونی ئاو و پێداویستییە کشتوکاڵییەکان وەک پەین

و ڕێنماییە کشتوکاڵییەکان، هەروەها جۆری تۆی باوەڕپێکراو...هتد).
ئەوەی تایبەتە بە ڕەزگەریەوە, هەروەک ئاشکرایە بۆ هەمووان میوە بە خواردنێکی گرنگ دادەنرێت بۆ مرۆڤ، بەرهەمی خۆماڵی, تەواوی پێدویستیی ڕۆژانەی هاوڵاتییانی هەرێم لە میوە پڕناکاتەوە، کە نوێترین ئامارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا سەرجەمی ڕووبەری چێنراو بە داری میوە نزیکەی ٢٦١,٥٦٤دۆنمە، ئەمەش بەسەر پارێزگاکانی هەرێم دابەشدەبێت هەروەک لەم وێنەی ژمارە (٣) بە دیاردەکەوێت:




وێنەی ژمارە (٣) ڕووبەری زەوی چێندراو بە میوە بەپێی پارێزگاکانی هەرێم/ ساڵی ٢٠٢٠

بەرزبوونەوەی تێچوونی سەرمایە, بۆ دروستکردنی باغی میوە, و درێژی ماوەی نێوان دروستکردنی باغی میوە و هاتنە بەری ئەو باغە, جگە لە هاوردەکردنی میوە بە نرخێکی کەمتر, هەموو ئەمانەوای کردووە کەوا بەرهەمی خۆماڵی توانای کێبڕکێی نەبێت بەرانبەر بەرهەمی بیانی ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە، کورتی ماوەی بەرهەمهێنانی بەروبوومەکانی تر وەک سەوزە, ئەوەش هۆکارێکی ترە کە جوتیاران پەنا بۆ چاندنی دەبەن. بۆیە لە ساڵانی دواییدا دەرکەوت کەوا بەرهەمهێنانی میوە داشکانێکی بەرجەستەی بەخۆوە بینی لە ڕووی بڕی بەرهەم، جگە

لە کەمی بەکارهێنانی پەین و قڕکەرەکان, هەروەها کەمیی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ بۆ خزمەتکردنی ڕەز و باخەکان.

دەربارەی زەوی دارستان و پاوانە سروشتییەکانەوە سەرجەم ڕووبەری هەرێمی کوردستان (٢.٥٠٧.٥٢١) هێکتار دارستانە، و ٦.٩٣٧.٧٦٩ هێکتار پاوانی سروشتییە، ئەمەش دابەشدەبێت بە ڕێژەی ٢١% بۆ پارێزگای هەولێر، و ٢٤% بۆ پارێزگای دهۆک، و ڕێژەی ٥٥% بۆ پارێزگای سلێمانی.


| خشتەی (5) | ڕووبەری زەوی دارستان و پاوانی سروشتی بەپێی پارێزگاکانی هەرێم/سالی 2020 (دونم) | | | |
|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | دارستان | پاوانی سروشتی | کۆی گشتی | ڕێژە ٪ |
| هەولێر | 543.232 | 1.403.999 | 1.947.031 | %21 |
| دهوك | 1.221.037 | 1.053.540 | 2.274.577 | %24 |
| سلیمانی | 743.452 | 4.480.230 | 5.223.682 | %55 |
| کۆی گشتی | 2.507.521 | 6.937.769 | 9,445,290 | %100 |
| ڕێژە | ٪26.54 | ٪73.45 | ٪100 | |

سەرچاوە:وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو/حکومەتی هەرێمی کوردستان

## سامانی ئاژەڵی

مەڕ و بزن: ئەو ئاژەڵانەی کە پۆلیندەکرێن لەسەر مەڕ و بزن زۆرن بەڵام گرنگترینیان (مانگا و مەڕ و بزن)ە کە پێداویستیی خۆراکی بۆ هاوڵاتیان دابین دەکەن لە ڕێگای گۆشت و شیر کە دەولەمەندن بە پرۆتینات جگە لە پێست و خوریەکەی کە بەکاردێت بۆ پیشەسازی. دەرئەنجامی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٢٠ ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ژمارەی

مەڕ و بزن و مانگا نزیکەی (٥٤٠٣٧٠١)سەرە. کە ٣٢٤١٣٥سەر مانگا و ٣٥٠٩٨٨٨سەر مەڕ و ١٥٦٩٦٧٨سەر بزن، بزن کە ڕێژەی ٣٢% پێکدەهێنێت لە سەرجەم ڕێژەی سامانی ئاژەڵی لە هەرێم، و لە دوای ئەودا مەڕ دێت کە بە ڕێژەی ٢٢.٥%، و لە دوای ئەو مانگا کە بە ڕێژەی ٢٠%، و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم سامانی ئاژەڵی لە پارێزگای هەولێر ڕێژەی ٣٩.٧٤% پێکدەهێنێت لە کۆی سەرجەمی سامانی ئاژەڵی هەرێم ئینجا پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی ٣٨.٣٤% و لە دوایشدا پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی ٣٦.٣٩% وێنەی ژمارە (٤) زیاتری ڕووندەکاتەوە:





وێنەی ژمارە (٤) سەرجەم سامانی ئاژەڵی بەپێی پارێزگاکان / ساڵی٢٠٢٠ (سەر)

سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەروەها چەند کێڵگەیەکی قەڵەوکردنی ئاژەڵ لە هەرێمدا هەن بە پێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەیان (١٤٩) کێڵگەیە کە ڕێژەی ٤٩.٦٦% بۆ کێڵگەی قەڵەوکردنی گۆلکە و ڕێژەی ٥٠.٣٣% بۆ کێڵگەی قەڵەوکردنی مەڕە، کە دابەشبووە بەسەر پارێزگاکانی هەرێم, هەروەک لە وێنەی ژمارە (٥) دیاردەکەوێت:

سەرچاوە:وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/حکومەتی هەرێمی کوردستان




وێنەی ژمارە (٥) ژمارەی کێڵگەی قەڵەوکردنی ئاژەل بەپێی پارێزگاکان/ ساڵی ٢٠٢٠

کەمی پاوەن و لەوەڕگا و لاوازیی خزمەتگوزاریی ڤێتەرنەری کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو هەتاکو ئێستاش لەسەر گەشەی سامانی ئاژەڵیدا, هەروەها لەسەر سەرجەمی مێگەلی ئەم ئاژەڵانە.

ماسی: هەندێک لە خەملێنەرانی بەرهەمی ماسی وای دەخەملێنێت کەوا بەرهەمی سامانی ماسی (کێڵگەی بەخێوکردنی ماسی و ڕاوکردنی لە ڕووبارەکان) گەیشتە نزیکەی (٤٣٠٠) تۆن لە ساڵی ٢٠٠٦، ئەم بەرهەمە کاریگەریی چەند هۆکارێکی بەسەرەوە هەیە وەک پاپەندنەبوونی ڕاوچییەکانی ماسی بە ڕێنماییەکانی قەدەغەکردنی ڕاوی ماسی لە کاتی وەرزی زاوزێکردن، هەروەها نەبوونی ئالیکی ماسی و داودەرمانی ماسی و لاوازیی بەدواداچوون.

هەروەها ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ژمارەی کێڵگەی بەخێو کردنی ماسی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ٣٤٨ کێڵگەی ماسی زۆربەی هەرە زۆری ئەم کێڵگانە کێڵگەی بەخێوکردنی ماسین، لە کاتێکدا کەوا چەند هەڵهێنەری زاوزێکردنی ماسی (پەنجە ماسی) هەن لە هەرێم لە سلێمانی و هەولێر، هەر هەڵهێنەرێک ٨٠ فرنی لەخۆدەگرێت، توانای بەرهەمهێنانی هەڵهێنەرەکان دەگاتە ١.٦١١.٣٠٠ ملیون (پەرەقە) بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی فاو.

سەرچاوە:وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو/حکومەتی هەرێمی کوردستان





وێنەی ژمارە ( ٦ ) پرۆژەکانی بەخیوکردنی ماسی

بەرهەم: بەروبوومی ئاژەڵی بەشێکی سەرەکی و تەواوکەرە لە سەبەتەی خۆراک بە تایبەتی لە دابینکردنی پرۆتین هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگە وەکو کەرەستەی خاو بۆ زۆربەی پیشەسازییەکان.

بەرهەمی ئاژەڵی گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە هەتاکو بتوانێت شانبەشانی پێداویستییە خۆراکییەکان و بەرزیی ئاستی گوزەرانی خەڵک بوەستێت کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردنە، هیچ ئامارێکی باوەڕپێکراومان لەبەردەستدا نییە کەوا جێگای متمانەپێکردن بێت بۆ دەستنیشانکردنی سەرجەم بەروبوومی ئاژەڵی لە هەرێم، بەڵام هەندێک لە نیشاندەرەکان وای نیشاندەدەن کەوا بەرهەمهێنانی گۆشتی سوور گەشەیەکی بەرچاوی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە بگرە هەر لە سەرەتای دەیەی ئەم سەدەیەدا، بەهۆی بەرزبوونەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان بە تایبەتیش تێچوونی دابینکردنی ئالیکی پەلەوەر هەروەها نەبوونی توانای کێبڕکێ نرخی بەرهەمی خۆماڵی بەرانبەر بەرهەمی بیانی هەروەها نەمانی چەند بازنەیەکی گرنگ لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و نەبوونی

پاڵپشتی کەرتی تایبەت لە لایەن کەرتی پەیوەندارەوە، ئەوەش وای کردووە کەوا بەشێکی زۆری خاوەنانی کێڵگەکانی پەلەوەر کێڵگەکانیان دابخەن. لە کاتێکدا هەندێک ئامار ئاماژە بەوە دەدەن کەوا ژمارەی کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتە نزیکەی ١٦٢٦ کێڵگە دابەش دەبێ بەسەر سێ پارێزگا هەروەک لە خشتەی (١٠) بۆمان دەردەکەوێت، قەبارەی بەرهەم بە وردی دیارینەکراوە بەهۆی ناجێگیری:

سەرچاوە:وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو/حکومەتی هەرێمی کوردستان




وێنەی ژمارە ( ٨ ) ژمارەی کێڵگەی پەلەوەری

توانا‌سازی و کێبڕکێیی بەرهەمی خۆماڵیی ڕووەکی و ئاژەڵی:

توانا‌سازیی بەرهەمهێنان

بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی کشتوکاڵی بە بەرهەمی کۆتای دادەنرێت کەوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردێت لە لایەن هاوڵاتیانەوە لەگەڵ بوونی چەند بەرهەمێکی کشتوکاڵی تر کە بە کەرەستەی خاو دادەنرێت بۆ پیشەسازیی خۆراک و پیشەسازییەکانی تر، هەرچەندە

سالآنه ڕووبەرێکی زۆر لە زەویی کشتوکاڵیدا دەچێنرێت بە جۆرەها بەروبوومی کشتوکاڵی کە پەیوەندارن بە ئاسایشی خۆراک لە سەوزە و میوە، بەڵام داکشانی ئاستی ڕێژەی بەرهەمهێنان لە دۆنمێکدا بۆ زۆربەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان ئەوە کاریگەری لە سەر خۆراک و پیشەسازییەکانی تر هەیە، هەرچەندە سالانە ڕووبەرێکی زۆر لە زەویی کشتوکاڵی دادەچێنرێت بە جۆرەها بەروبوومی کشتوکاڵی کە پەیوەندارن بە ئاسایشی خۆراک لە سەوزە و میوە، بەڵام داکشانی ئاستی ڕێژەی بەرهەمهێنان لە دۆنمێکدا بۆ زۆربەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان ئەوە کاریگەری لەسەر ڕادەی بەرهەمهێنان هەیە و ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر کورتهێنان لە دابینکردنی پێداویستیی ناوەخۆ لە خۆراک، بۆیە پەنا دەبەینە بەر هاوردەکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە.

### توانای کێبڕکێ:

ڕووبەری ڕاستەقینەی هەنووکەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک بە پەسەندداەنرێت بە شێوەیەکی ڕێژەی لە ڕووی باشی و ئاستی ڕێژەی بەرهەمهێنان. بەڵام بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی تر وەک سەوزە و میوە بەروبوومێکن توانای کێبڕکێیان هەیە ئەگەر هات و چاکردن و باشکردنی لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانیدا و بە بازاڕکردنی ئەنجامبدرێت کەوا دەبێتە هاندەر بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان لە دۆنمێکدا کە ئەوەش لە دواییدا دەبێتە هۆکاری دابەزاندنی نرخی یەکەی پێوانەیی، جگە لە پاراستنی بەرهەمی ناوەخۆ لە سیاسەتی نقومبوونی بازاڕەکان بە کاڵای هەرزانی وڵاتە دراوسێکان، هەروەها هەمانشت دەربارەی بەرهەمهێنانی گۆشتی سوور و سپی و شیر و هێلکە.

**توانای كۆگاكردن :**

توانای كۆگاكردن له هەرێمی كوردستان گرفتی هەیە، بۆیە له توانایدا نییە پشتی پێ ببەسترێت بۆ دابینكردنی هەر هەڵكشانێك له بەرهەم و له دواییدا به بازاڕكردنی.

ژمارەی سایلۆكانی سەر به وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ٩ سایلۆیە توانای كۆگاكردنیان دەگاتە نزیكەی ٤٦٥ هەزار تەن، و دابەشبووە به پێی پارێزگاكان هەروەك له خشتەیەی (١١) دیارە:

سایلۆكانی هەرێم

بریتین له ٩ نۆ سایلۆ و سێ سایلۆ له ژێر دروستكردن دان، به پێی خشتەی خوارەوە:

سەرچاوە:وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی /حكومەتی هەرێمی كوردستان

له دوو ساڵی ڕابردوو پڕۆژەیەكی گشتگیرتر هاتۆتە ئاراوە كه پڕۆژەی بەبازاڕكردنی گەنمی جوتیارانە و تیایدا كار لەسەر دروستكردنی چەندان كۆگا و كارگەی تایبەت به پیشەسازیكردنی دانەویلە و دابینكردنی پیداویستیی بازاڕ كراوە لەم پڕۆژەیە و له زۆر ڕووەوە سوودی دەبێت هەم جوتیاران بەرهەمەكانیان بەبازاڕدەكرێ و له هەمان كاتدا هەلێكی زۆری كار دابیندەكرێ و بەرهەمی ناوخۆ گەشەدەكا و ڕێگا له چوونەدەرەوەی دراو دەگیرێت كه ساڵانە برێكی زۆری بۆ هاوردەكردنی بەرهەمە دانەوێڵە جۆراوجۆرەكان دەچووە دەرەوە.

**بەشی چوارەم: ئەنجامەکان**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشین بەم دەرەنجامانە

سیاسەتی کشتوکاڵی چەند خاڵێک لەخۆدەگرێ کە ئەمانەن:

سیاسەتی ئاسایشی خۆراک کە دەبیتە هۆی بەدیهینانی خۆژینی.

جەخت لەسەر بەرهەمهێنان دەکاتەوە لەگەڵ بەبازاڕکردن و بەپیشەسازیکردنی کشتوکاڵی.

لاوازیی خزمەتگوزارییە پاڵپشتەکان کە هۆکاری دروستبوونی کەلینی بەرهەمی کشتوکاڵییە.

لەباری زەویی کشتوکاڵی بۆ وەبەرهینان لە بواری کشتوکاڵ و گونجانی بۆ بەرهەمهینانی زۆربەی پێداویستییەکان.

کشتوکاڵ بە تۆڕێکی پەیوەندیی بەهێز بە کەرتە ئابوورییەکانی تر بەستراوەتەوە و دەکرێ هەرێم سوود لەم تۆڕە وەربگرێت بۆ زیاتر پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و و پەرەپێدانی بەردەوامی کشتوکاڵی و ئابووری لەسەر هەموو لایەنەکانەوە.

هەبوونی سەرچاوەی گرنگ لە ڕووی کشتوکاڵی و سەرچاوەی ئاو وا دەکا وەبەرهێنان لەم بوارە تێچووی زۆری نەوێت تەنیا ئیدارەیەکی باش و ڕێکخستنی ئەوێت دەکرێ چەندان پڕۆژەی کشتوکاڵی ئەنجامبدرێن.

لە بەردەم کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو چەندان بەربەست و ئاستەنگ هەیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵبدەن ئەم بەربەستانە لابدەن کاریان لەسەر بکەن لەمانە:

ا- کێشە و بەربەستی یاسایی و تشریعی کە دەبنە بەربەست لە ڕێگای وەبەرهێنەرەکان پێویستە ئەم بەربەستانە لابدرێن و لە ڕووی یاسایی ڕێکبخرێن ئەمەش لە چوارچێوەی هەموارکردنەوەی  یاسای کشتوکاڵ کە بگونجی لەگەڵ ئەم سەردەمە، لەمانەش خاڵەکانی پەیوەندار بە لێخۆشبوونی باج و تەرخانکردنی زەوی. ناڕوونی مەرجەکان بە گشتی کە وا دەکات زۆرێک لە وەبەرهێنەران کاتی کارکردن لە پڕۆژەکانیان دووچاری کێشە ببنەوە.

ب- دروستکردنی   داتابیسیکی گونجاو کە سەرجەم داتا کشتوکاڵیەکان لەخۆبگرێت و لەسەرچاوەکانەوە بتوانریت داتا داخلبکرینت. بنیاتنانی بانکێکی زانیاری گشتی لەم بوارە کە بوونی ئەم داتایانە زۆر گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی پێشکەوتنەکانی ئەم بوارە.

ج- دانانی  پلانی کاری ڕوون و گونجاو  بۆ بەدەستهێنانی پەرەپێدانی کشتوکاڵی  بەردەوام. بۆیە پێویستە هەرێم هاوتەریب لەگەڵ پلانی کشتوکاڵی هەوڵی دانانی پلانی کشتوکاڵیی بەردەوامیش بدا بە مەبەستی ڕێکخستنی زیاتری ئەم کەرتە گرنگە.

هەرچەندە ئەم کەرتە گەشەی بەخۆیەوە بینیوە بەڵام تاکو ئێستا داتاکانی ڕوون نین لە کاریگەری لەسەر بودجەی گشتی  و کەرتی ئابووری و پاریزگاریکردن لە ژینگە...هتد

ناتوانرێ ستراتیجیەکی دیاریکراو دیاربکرێ بەڵکو کۆمەڵە ستراتیجییەک هەیە لەسەر ئاستی جیهان پێویستە بە پێی باری تۆبۆگرافی و کۆمەڵایەتی و کلتووری هەرێم باشترینیان دەستنیشان بکرێت.

بەکارهێنانی ئاو بۆ کشتوکاڵ پەیڕەوکردنی سیستمی نوێی ئاودێری و پشتبەستن بە زانست لە کشتوکاڵکردندا بە مەبەستی زیادکردنی بڕشت.

بەکارهێنانی پەین بۆ کشتوکاڵ و هەوڵدان بۆ زیاتر بەکارهینانی پەینی ئۆرگانی لەجیاتی پەینی کیمیایی. پەیڕەوکردنی خولی کشتوکاڵی. بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان بە شێوەی زانستی.

کۆنترۆڵکردنی نرخی خۆراک. کەمکردنەوەی بەفیرۆدانی خۆراک چونکە بەفیرۆدانی خۆراک جگە لەوەی کە لە ڕووی ئاینەوە ڕێگەپێدراو نییە، هەروەها لە ڕووی زانستیشەوە هۆکارێکە بۆ زیادبوونی گازە گەرمکەرەوەکان. لە ڕێگەی بەفیرۆنەدانی خۆراک ئەتوانرێ کێشەی برسێتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان نەمێنێ یا بە لایەنی کەم کەمبکرێتەوە

بەشی پەیوەندیدار بە پارەدارکردنی جوتیاران پیویستە بانکی کشتوکاڵی چالاک بکریتەوە و ڕێکبخریت و جوتیاران سوود لە خزمەتگوزارییە بانکییەکان وەربگرن.

## ڕاسپاردەکان

١- زیادکردن و فراوانکردنی ڕووبەری چێندراوی کشتوکاڵی بە بەروبوومەکانی زستانە و هاوینە و ڕەزگەری لە هەرێم، هەرچەندە ڕووبەرەکەی جێگیر نییە و لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت.

٢- کردنەوەی بانکی کشتوکاڵی و پێدانی قەرز بە جوتیاران بەپێی پرۆژە کشتوکاڵییەکان.

٣- هەرچەند دابەشکردنی ژمارەیەک خانووی پلاستیکی و پرژێنەری ئاو بەسەر جوتیارانی هەرێم وەک هەنگاوی یەکەم و تاقیکردنەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم لە ڕووی جۆر و بڕەوە، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی درزی نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربردن، جێگای باسە هەندێ لەم پێداویستییانە بە خۆڕایی دابەشکراون و هەندێکی تر بە شێوەی قیست.

٤- پێشکەشکردنی ئاسانکاری لەلایەن حکومەت بۆ جوتیاران و هاندانیان بۆ چاندنی بەرووبومی کشتوکاڵیی پیشەسازی وەک زەیتون و چەوەندەری شەکر و پەمۆ و تووتن و کەتان ... هتد، کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازیی هەرێم.

٥- زیاتر کۆنترۆڵکردنی بازگە سنوورییەکان و ڕێگەگرتن لە هاوردەکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە دەرەوەی هەرێم، بە تایبەتی لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومەکانی هەرێم و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ سزادانی سەرپێچیکەران بە توندترین شیوە بۆ بنبرکردنی دیاردەی قاچاغچیتی.

٦- کارکردن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بڕشت/دۆنم بۆ گشت بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، بە جێبەجێکردنی شێوازی زانستی لە چالاکیی کشتوکاڵی (خولی کشتوکاڵی) سەرەڕای پەیڕەو کردنی پلانی کشتوکاڵی.

٧- سوودوەرگرتن لەو زەوییانەی شیاوی کشتوکاڵ نین، بە مەبەستی فراوانبوونی شارەکان و دارستانەکان و بەکارهێنانی زەویی شارنشینی و لادێنشینی و بەکارهێنانەکانی تر، بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زانستییانە و پلاندانەرانە.

٨-پارێزگاریکردنی دارستانە سروشتییەکان لە بڕینەوە و سوتان و پەرەپێدانی بەردەوامی بە زیادکردنی سروشتی و پڕۆژەی تایبەت.

٩- پاراستنی زەوییە شیاوە کشتوکاڵییە بەپیتەکان، و وەبەرهێنانی بە شێوەیەکی زانستییانە و پەرەپێدانی و ڕێگریکردن و قەدەغەکردنی لە بەکارهینانی بۆ هەر پڕۆژەیەکی تر جگە لە کشتوکاڵ.

١٠- فراوانكردنی ڕووبەری چێندراو بەو بەروبوومە كشتوكاڵییانەی دەبنە كەرستەی خاوی پیشەسازی، سەرەڕای دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی كشتوكاڵی-پیشەسازی تەواو لە پارێزگاكانی هەرێم، و پاڵپشتیكردن لە دروستكردنی لەو كارگە پیشەسازییانەی پشتدەبەستێت بە بەروبوومی كشتوكاڵی.

١١- پێشكەشكردنی ئاسانكاری و كەمكردنەوەی ڕۆتین لە بەردەم وەبەرهێنەرانی كەرتی تایبەت، و هاندانیان بۆ وەبەرهێنان لە هەردوو كەرتی كشتوكاڵ و پیشەسازی و دانانی مەرجی بەكارهینانی بەرهەمی ناوخۆیی لە كارگەكان و هەروەها بەكارهینانی دەستی كاری ناوخۆیی بۆ پڕۆژەكان.

١٢- ئەنجامدانی ڕووپێوێكی سەرتاسەری كێڵگەیی دەربارەی چالاكییە كشتوكاڵییەكانی هەرێم، و دەستنیشانكردنی تایبەتمەندییەكانی و دانانی داتابەیسێكی تەواو و وردی بۆ كشتوكاڵ و زەوییەكان.

١٣- جێبەجێكردنی بیرۆكەی خولی كشتوكاڵی بە شێوەیەكی زانستییانە، كە دەبێتە هۆی پاراستنی خاك و پارێزگاریكردنی بە پێزییەكەی و تێكنەچوونی خاكی ناوچەكە و بەردەوامی دان بە پەرەپیدانی كشتوكاڵی بەردەوام.

بەكارهێنانی شێوازی نوێ و پێشكەوتوو لە كاتی ئەنجامدانی كوتانی دەستكرد.

پەیڕەوكردنی لەوەڕاندنی بە پلان بەپێی پێوەرەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و نێودەوڵەتی، بە مەبەستی پاراستنی لەوەڕگاكان و پەرەپێدان و بەردەوامبوونی.

گرنگیدانی زیاتر بە سامانی ماسی، و دابینکردنی پێداویستییەکانی و بەرەوپێشبردن و بوژاندنەوەی سامانەکە چونکە ماسی خۆراکێکی پڕ سوودە و گرنگیی ئابووریی زۆری هەیە.

گرنگیدان بە هەنگەوانانی کوردستان و شێوازی بەخێوکردنیان و دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرەوپێشچوون و پەرەپێدانی بەخێوکردنیان.

دانانی ڕێوشوێن و تەشریعاتی توند لەسەر هاوردەکردنی جۆرەکانی گۆشت بۆ ناو هەرێم و بە تایبەتی لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومی گۆشتی هەرێم.

پێکهێنانی لیژنەی پسپۆر و بەتوانا لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی کشتوکاڵی بە بەردەوامی بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان و پەرەپێدانی بەردەوامی ئەم بوارە گرنگە ئابوورییە.

کردنەوەی خولی کشتوکاڵی بەردەوام بۆ ڕێبەرانی کشتوکاڵی (المرشدین الزراعیین) و جوتیاران بە ئامانجی بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی و شارەزاییان لە کردارەکانی کشتوکاڵکردن.

کارکردن لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی جوتیارانی هەرێم، لە ڕێگەی کردنەوەی خولی فێرکردن و ڕاهێنان و بەشدارپێکردنیان بە شێوەی بەردەوام و بەبێ جیاکاری بە تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ئۆرگانی و میکانیزمەکانی کشتوکاڵی بەردەوام.

گرنگیدان بە سەنتەرەکانی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتی، و بەهێزکردنی پەیوەندی زانستییانەی نێوانیان لە لایەک و ناوەندی بڕیار لە لایەک.

دارشتنی سیاسەتێکی کشتوکاڵیی ڕوون و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە مەبەستی وەبەرهێنانی تایبەتمەندییەکانی هەرێم، و جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی کەرتی کشتوکاڵی بە بەردەوامی و پێداچوونەوەی بەردەوام بۆ باشترکردن و چارەسەرکردنی کەلێنەکان.

کەمکردنەوەی بڕی باج لەسەر کەرتی کشتوکاڵی تایبەت، بە تایبەتی ئەو کارگە و پڕۆژانەی پشتدەبەستن بە بەروبوومی کشتوکاڵیی ناوخۆیی و دەستی کاری ناوخۆیی.

دامەزراندنی وێستگەی کەشناسیی پێشکەوتوو و ئەلیکترۆنی، و ڕەچاوکردنی بەرزبوونەوە لە ئاستی ڕووی دەریا و دابەشبوونی زانستییانە و ورد.

## سەرچاوەکان

-د .حنان عبد الخضر هاشم، واقع ومتطلبات التنمية المستدامة في العراق، مجلة جامعه الكوفه العدد ٣١ لسنه.

-محمد مسعودي 2، علي مسعودي، قعيد إبراهيم, العالقة بين أبعاد التنمية المستدامة إطار تحليلي, ملتقى الدولي: الاثجاهاتالحديثة للتجارة الدولية وثحديات التنمية املستدامة نحورؤى مستقبلية واعدةللدول النامية ٠٢ ـ ٠٣ ديسمبر ٢٠١٩

-عثمان محمد غنيم وآخرون، التنمية المستدامة فلسفتها وأساليب زبطيها وأدوات قياسها، دار صفا للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧،ص ٣٩.

-محمد الامام ـ مستقبل التنمية العربية والعمل الاقتصادي العربى المشترک، المعهد العربى للتخطيط، الكويت، ١٩٩٣، ص ٢٧٢

-احمد جابر بدران..التنمية الاقتصادية والتنمية المستدامة ط .1مركز الدراسات الفقية والاقتصادية، القاهرة: دار النشر الجيزة. ٢٠١٤.

-عثمان محمد غنيم، وماجدة أبو زنط (التنمية المستديمة فلسفتها وأساليب تخطيطها وأدوات قياسها) الطبعة الاولى، دار صفا للنشر والتوزيع، عمان، ١١٧١، ص١١.

-دوناتو ڕومانو، االقتصاد البيئي والتنمية المستدامة، المركز الوطني للسياسات الزراعية، سوريا، ٢٠٠٦،ص ٦٢ 21 .مصالح الوزير األول، ملحق بيان السياسة العامة، الملحق: ٢-قوائم برنامج التنمية االقتصادية واالجتماعية ٢٠١٠-٢٠١٦، أكتوبر ٢٠١٦

-زرمان كريم، التنمية المستدامة في الجزائر من خالل برنامج االنعاش االقتصادي )٢٠٠١-٢٠٠٩،)أبحاث اقتصادية وادارية، - العدد السابع ٢٠١٠،المركز الجامعي خنشلة، ص ٢٠٩

-حميدة رابح، ساري نصر الدين، نحو إستراتيجية وطنية لتحقيق التنمية الزراعية واألمن الغذائي المستدام بالجزائر، مجلة ٢٧ االدارة والتنمية للبحوث والدراسات، الجزائر، ٢٠١٨،ص ٧٤

-احمد ابوزيد الرسول, السياسات الاقصادية الزراعية – رؤي معاصرة, الطبعة الاولى, دار النشر مكتبة بستان المعرفة الاسكندرية ٢٠٠٤ ص ٢٢٤.

-محمدو الاشرم التنمية الزراعية المستدامة الطبعة الاولى, مركز دراسات الوحدة العربية, لبنان مارس ٢٠٠٧ ص ٤٩

-محمد السيد عبدالسلام, الامن الغذائى للوطن العربى دار النشر عالم المعرفة الكويت، ١٩٩٨ ص ١٣١

-إلاستراتيجية الوطنية للتنمية المستديمة ومؤشراتها ٢٠١٠-٢٠١٣ السير نحو إنشاء اقتصاد أخضر ومنصف، على الموقع.: 1018/03/13االطالع تاريخ، www.developpement durable.gouv.fr/sndd

-د. باسل جودت الحسيني، السياسات الاقتصادية في العراق، الواقع الراهن مع نظرة مستقبلية، المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد ٢٩٥، بيروت ٢٠٠٣.

موسوعة الحرة،وبكيبيدا، التنمية المستدامة مفهومها وأهدافها، راجع الموقع على شبكة الانترنيت

محمد حلمى نوار، الاقتصاد الأخضر وتوفير فرص العمل، مؤتمر بعنوان التنمية المستدامة الاتحاد والأفاق،2013 -

- د. باسل جودت الحسيني، السياسات الاقتصادية في العراق، الواقع الراهن مع نظرة مستقبلية، المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد ٢٩٥، بيروت ٢٠٠٣، ص

برنامج الأمم المتحدة الإنمائي : تقرير التنمية البشرية لعام ٢٠٠٤، مطبعة أكسفورد..2004

-برنامج الأمم المتحدة الإنمائي : تقرير التنمية البشرية ١٩٩٢ , مطبعة أكسفورد، بيروت،.1992

Food and Agricultural Orgnization 2008, Food Security Information for Action, Practical Guides, An Introduction to the Basic Concepts of Food Security, viewed in.

- Committee on World Food Security (CFS) 2017, Global Strategic Framework for Food Security & Nutrition, viewed in

- Elliot, W, P and Berryc, M 2019, The Concept of Food Security, Encyclopedia of Food Security and Sustainability, Vol (2), pp (1-7),

- Otero, G, Pechlaner, G and Gürcan, E, C 2013, The Political Economy of "Food Security" and Trade: Uneven and Combined Dependency, Rural Sociology, Vol (78), Issue (3), pp (263-289),

International Federation of Red Cross and Red Crescent Societies 2006, how to conduct a food security assessment, a step by step guide for national society, second edition, Geneva, Switzerland.
- United Nations (UN) 1962, General Assembly resolution 1803, "Permanent sovereignty over natural resources".

**الملخص**

استهدف البحث اقتراح استراتيجية للتنمية الزراعية المستدامة وتاثيرة على النمو الاقصادى والتنمية المستدامة في اقليم كوردستان - العراق من خلال التعرف على تحليل الواقع الاستراتيجي للتنمية الزراعية المستدامة. وصولًا إلى تحقيق أهداف المستدامة، واعتمد الباحث في بحثه على الجمع بين المنهج المقارن والمنهج الوصفي التحليلي وحسب المواضع المناسبة التي يتطلبها البحث، إذ تم تحليل شامل لمؤشرات التنمية الزراعية المستدامة للفترات المتوفر فيها البيانات، وكما استخدم الباحث طرائق بحثية عدة، كالدراسات السابقة والتقارير والاحصائيات. وشمل مجتمع البحث وزارة الزراعة والموارد المائية لحكومة إقليم كوردستان فيما يخص الإحصائيات والبيانات الزراعية الخاصة.اعتمد الباحث في تشخيص وتحديد الاستراتيجية القائمة (الحالية) وبناء الاستراتيجية المقترحة.إذ توصل الباحث إلى مجموعة من النتائج التي تشير إلى ضعف الاستدامة والتكامل في التنمية الزراعية، واقترح الباحث بعض الحلول والتحسينات للوصول إلى التنمية والاستدامة والتكامل في القطاع الزراعي في اقليم كوردستان - العراق بناءً على ما أسفرت عليه نتائج الهدف الأول، موزعة على ثلاث مراحل استراتيجية (النهضة الزراعية، الزراعة المتكاملة، الزراعة المستدامة). وأوصى الباحث بضرورة تبني الحكومة اقليم كوردستان متمثلة بوزارة الزراعة الاستراتيجية المقترحة.

**The impact of sustainable agricultural development on economic growth and sustainable development in the Kurdistan Region of Iraq**

**Abstract:**

The research aimed to propose a strategy for sustainable agricultural development and its impact on economic growth and sustainable development in the Kurdistan Region - Iraq by identifying the analysis of the strategic reality of sustainable agricultural development. In order to achieve the sustainable goals, the researcher relied in his research on combining the comparative approach and the analytical descriptive approach and according to the appropriate places required by the research, as a comprehensive analysis of the indicators of sustainable agricultural development for the periods in which the data is available, and the researcher also used several research methods, such as previous studies, reports and statistics, The research community included the Ministry of Agriculture and Water Resources of the Kurdistan Regional Government with regard to statistics and special agricultural data. The researcher relied on diagnosing and defining the existing (current) strategy and building the proposed strategy. The researcher reached a set of results that indicate weak sustainability and integration in agricultural development, and suggested the researcher has some solutions and improvements to reach development, sustainability and integration in the agricultural sector in the Kurdistan Region - Iraq based on the results of the first goal, distributed over three strategic stages (agricultural renaissance, integrated agriculture, and sustainable agriculture). The researcher recommended that the Kurdistan Regional Government, represented by the Ministry of Agriculture, should adopt the proposed strategy.